کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 0:46 27-11-2007

**سوپای تورکیا بۆ شەرمەزارکردنی حکومەتەکەی ئەردۆغان... قەیران دروست دەکات!! ... ئامادەکردنی: عەبدوللەتیف ئاوماری**

کوردەکان سەرۆك ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیان تۆمەتبارکرد بەوەی کەبەڵگەنامەی لێك تێگەیشتن ی ئیمزا کردووە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان)، ئەوەش لەجیاتی هەڵکردنی گڵۆپی سەوزە کەرێگا بەراوەدونانی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەدات لەناو خاکی عێراقدا.

وەلەبەردڵنیاکردنەوەی کوردەکانی عێراق، سەرۆك وەزیرانی عێراق (نوری مالیکی) هاوکات وەزیری دەرەوەی عێراقی (هۆشیار زێباری) نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لەحکومەتی عێراقی فیدراڵدا، لەگەڵ خۆیدا برد بۆتورکیا، ئەوپارتەی کە (مەسعود بارزانی) سەرکردایەتی دەکات.

وەلەکاتی خۆیدا سەرۆك کۆمار جەلال تاڵەبانی پشتیوانی تەواوی خۆی ڕاگەیاند بۆ ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە و بووە گرەنتی ڕەسمی بۆ تورکیا، کەبۆ ئەم مەبەستە تورکیا داوای لەهەردوو حیزبی سەرەکی کوردەکان کردبوو.

حکومەتی تورکیا لەمێژەداوای کردووە کەپێویستە چارەسەرێك بۆ کێشەی پارتی کریکاران بدۆزرێتەوە، وەهاوپەیمانی کوردستانیش پشتیوانی ئەو هەنگاوەی تورکیای کردووە بەرەچاوکردنی باری هێمن و ئارامی وئاسایشی سیاسی و ئابوری کەناوچەی باکوری عێراقی گرتۆتەوە، لەلایەکی ترەوە دەیەوێت هەموو بیانوو وهەنجەتەکانی ئەنقەرە ببرێت بۆ دەست خستنە ناو کاروباری کوردستانی عێراق و بەتایبەتی مەسەلەی دوارۆژی کەرکوك.

لەپاش دەستگیرکردنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (عەبدوڵا ئۆجەلان) نووسینگەکانی ئەو پارتە لەناو شارەکانی کوردستان داخران، وەپێشمەرگەکانیان پەنایان بردە بەرئەشکەوتە سەختەکانی چیای قەندیل، پاش ماوەیەك لەکاروچالاکی پارتیزانی لەناوخاکی تورکیا وپاشان هاتنە سەرحوکمی پارتی دادو گەشەپێدان، وەبەدڵنیاییەوە ئاسانکاریە سیاسیەکانی کە (پارتی دادو گەشەپێدان) ی تورکی پێشکەشیانی کرد، بووە هۆی کەمکردنەوەی چالاکی سەربازی و توندوتیژی لەلایەن چەکدارانی پارتی کرێکارانەوە، ئەوئاسانکارییانەش پەیوەندییان بەمافی هەڵبژاردن وچوونە ناوپەرلەمانی نوی ی تورکیا وە هەیە، بەهۆی گرەنتی و سەروەری دەستورەوە ژمارەیەك لەپاڵێوراوانی کوردەکان بۆهەڵبژاردنەکانی پەرلەمان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لەژێر دروشمی (تورکیای یەکگرتوو) .

ڕۆژنامەی (مللیەت) ی تورکی گومانی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەوکردەوە سەربازییەی کە 15 سەربازی تورکی بوونە قوربانی و گوایە چەکدارانی پارتی کرێکاران بەرپرسیارن لی ی، وەڕۆژنامەکە لەشیکردنەوەیەکی دا باس لەوەدەکات کەزەحمەتە جیاکردنەوەی ئەو کردەوە کتوپڕانە بکرێت لەگەڵ ئەوفشارە زۆرەی کەلەسەر پارتی دادو گەشەپێدان ی سەر حوکمە، ئەو فشارانە لایەنی جۆراوجۆری هەیە، هەندێکیان بەهۆی دەنگدانی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگریس دروست بوون، کەبڕیاری ناساندنی کوشتنی ئەرمەنەکانی بە (جینوساید) لەقەڵەم دا، واتە قڕکردنی بەکۆمەڵ، کەلەسەردەمی عوسمانیەکان لەکۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم ڕووی دا، ئەم بڕیارە بووە هۆی دروست بوونی گرژی لەپەیوەندیەکانی نێوان تورکیا وئەمەریکا. هەرچەندە سەرۆکی ئەمەریکی جۆرج بۆش لەبەرپەیوەندی و هاوپەیمانی نێوانیان ڕەخنەی لەبڕیارەکە گرت!! بەڵام لیژنەکە بەپشت بەستن بەبڕیارەکانی ئەنجوومەنی وویلایەتەکان کەبەزۆرینەی دەنگ پەسەندکراوە قڕکردنی ملیۆن ونیوێك ئەرمەنی بەجینوساید ناساند.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وە ئاشکرایە کەپەڕلەمانی فەڕەنسا نزیکەی 6 ساڵە بڕیاری داوە کەئەوجۆرە تاوانانەو هاوشێوەکانی کە (لەناوبردنی کۆمەڵ کوژین) وەکو هۆلۆکۆست بناسێت کەجولەکەکان تووشی هاتن لەسەردەستی نازییەکان.

مێژوونووس (برناردلوس) لەکتێبێکدا دەربارەی ململانی یەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیفەتی (کۆمەڵ کوژی) ناداتە پاڵ ئەرمەنەکان و پی ی وایە ئەو کردارە لەئەنجامی کاردانەوەو توڕەیی گەلی تورک ڕوویداوە دەرهەق ئەو ئەرمەنانەی کەلایەنگیروهاوسۆزی ڕووسیای دوژمنیان بوون!!. وەیەکی لەڕێکخراوە ئەرمەنیەکان داوای دژی ڕۆژنامەنووس (برناردلویس) بەرزکردەوە، هەرچەندە زۆر شێوازی ژیربێژی بەکارهێناوبەرگری لەهەڵوێستەکانی کرد، بەڵام لەداوایەکەی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا!!.

وەمێژوونووسێکی ئەمەریکی کەبەڕەگەز جولەکەیەکی بەریتانی یە پی ی وایە پێوەری لەناوبردنی بەکۆمەڵ تەنها لەسەر جولەکە دەچەسپی لەڕۆژانی حوکمی هیتلەردا، لەبەرئەوەی هۆکاری توڕەبوون وکاردانەوەی تۆڵەسەندنەوە بەراوردناکرێت لەگەڵ بیروباوەڕی بەرنامەڕێژی بۆکوشتن وقڕکردنی میللەتێك لەسەر بناغەی پاکتاوی ڕەگەزپەرستی و تایەفەگەری وئاینی کەسنوری هەموو مافەکانی مرۆڤایەتی ئەبەزێنی!!. لەپاش بۆردومانکردنی هەندی پێگەی سەربازی سوری لەلایەن ئیسرائیلەوە، تورکیا نارەزایی دەربڕی لەسەر بەزاندنی بواری ئاسمانی، بۆیە عەلی باباجان وەزیری دەرەوەی نارد بۆ قودس بۆکۆبوونەوە لەگەڵ ئیهود باراك و وەزیری ئیسرائیلی تسیبی لیفنی، هەرچەندە ڕاگەیاندنەکانی تورکیا هیچیان دەربارەی ئەو سەردانە بڵاونەکردەوە کەوەزیری تورکیا بەنهێنی ئەنجامی دابوو!!، بەڵام سەرچاوەیەکی بەرپرس هەندی نهێنی بڵاوکردۆتەوە دەربارەی ئەو سەردانە، بەتایبەتی ئەوەی کە تورکیا دەیەوێت بزانێت کە مەبەست چی یە لەفڕێدانی تانکی بەتاڵی سوتەمەنی لەسەر خاکەکەی؟! هەروەها سەرچاوەکە ڕایگەیاند کە سەرکردایەتی ئەرکانی سوپا لەئەنقەرە ڕێگەی بە بەفرۆکە ئیسرائیلیەکان داوە کە بێنە ناو بواری ئاسمانی تورکیاوە، بەگوێرەی پەیماننامەی ستراتیژی سەربازی نێوانیان، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کەسەرکردایەتی ئەرکانی سوپا حکومەتی ئەدۆغانی ئاگادار نەکردبۆوە تەنها پاش کردەوەکە نەبێت بەچەند ڕۆژێك!! ئەو ڕووداوە ئاماژە بۆئەوە دەکات کەناکۆکی ستراتیژی هەیە لەنێوان سوپاو حکومەت!! وەناکۆکیەکە زیاتر لەپەرەسەندن دایە بەهۆی ئاشکرابوون وبەردەوامی گواستنەوەی چەك وتەقەمەنی ئێرانی بۆ سوریا بەناو خاکی تورکیادا، شایانی باسە فڕۆکەکانی ئێف 16 ی ئەمەریکی لەکاتی جەولەی چاودێریکردنی ناوچەکەدا ئەوەیان بینیوە کە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری موشەك لەئێرانەوە بۆ سوریا دەچوو.. !!.

ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو پەڕلەمانی تورکیا بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەریاسایەك دا کەڕێگا بەحکومەت دەدات بەناردنی هێز بۆدەرپەڕاندنی چەکدارانی پەکەکە لەکوردستانی عێراقدا، ئەو بڕیارەی تورکیا نارەزایی وولاتانی ڕۆژئاواو ئەمەریکای لی کەوتەوە، سەرۆکی ئەمەریکا ئامۆژگاری تورکیای کرد بەدان بەخۆداگرتن وبەجی بەجی نەکردنی بڕیارەکە و ئەنجام نەدانی هێرشی سەربازی بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق!! وەهەروەها نوری مالیکی پەیمانی دا بەوەستاندنی چالاکیەکانی چەکدارانی (پارتی کرێکارانی کوردستان)، بەو مەرجەی دەرفەتی کاری دیپلۆماسی هەبێت بۆ کاراکردنی ڕێککەوتنامەکەی نێوانیان.

وەچاودێران لەئەنقەرە دەڵێن: ناکۆکی نێوان سوپاو حکومەت تەنها لەسەرفایلی پارتی کرێکاران نی یە، بەڵکو ناکۆکی یەکان زۆر لەوە دورو قوولترن.. !! وە سەرکردایەتی ئەرکانی سوپا پی ی وایە ئەگەری دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی بی لایەن لەباکوری عێراقدا لەئارادایە وئەوکات دەتوانێت شاری کەکوکیش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی!! وە هەروەها مەترسی یەکە لای تورکەکان ڕوو لەزیاد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:46 27-11-2007

بوونە، کاتی کۆنگریسی ئەمەریکی پێشنیاری کرد کەفیدرالی نامەرکەزی لەعێراقدا لەباکورو ناوەڕاست و باشورجی بەجی بکرێت!! چونکە واشنتۆن پی ی وایە دروستکردنی ئەوجۆرە دەوڵەتە (وەکو دەوڵەتێکی کوردی) لەبەرژەوەندی و قازانجی خۆیدایە ئەگەر چی لەداهاتوویەکی دوریشدابێت.. !!

وەهەروەها سەرکردایەتی سوپای تورکیا پی ی وایە کەحکومەت فرسەتێکی مێژوویی لەدەست داوە کاتێك بەشداری شەڕی عێراقی نەکرد و ئەوفرسەتەی لەدەست چوو کەلەگەڵ سوپای ئەمەریکادا بێتە ناوەوە و لەباکوری عێراقدا جێگیربێت.. !!

وەهەروەها چاودێران پی یان وایە ناکۆکی هەیە لەهەڵوێستی ستراتیژی سوپاو سیاسەتی حکومەتدا، چونکە سوپا بەبۆچوونی نەتەوەیی ونیشتمانی ئەتاتورکی کۆن ئەڕوانێتە کێشەکانی ناوچەکە، بەڵام حکومەت ڕە چاوی حەقیقەتی سەرزەوی وهەرەوەزی ئیسلامی دەکات!! وەگرنگی بەوپرسانە دەدات کەیارمەتی دەرن بۆ پاڵاوتنی تورکیا و چوونە ڕیزی یەکێتی ئەوروپا لەداهاتوودا.

لەژێر تیشکی ئەوباکگراوندانەدا سەرکردایەتی ئەرکانی سوپا پی ی وایە نەرم ونیانی حکومەت لەگەڵ کوردەکان بەگشتی، چەکدارانی ئۆجەلانی هاندا کەدەست بکەنەوە بەچالاکی یەکانیان بەتایبەتی دژی سوپای تورکیا!! بۆیە سەرکردایەتی سوپا لەخۆئامادەکردندایە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکی سەربازی بەرفراوان کەهیچ پەیوەست نەبێت بەماوەیەکی دیاری کراو لەپێناو زاڵبوون بەسەر چەکدارانی (پارتی کرێکارانی کوردستان) .

بەڵام ئەردۆغان پی ی وایە کەئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازی یە خزمەت بە بەرژەوەندی حکومەتەکەی ناکات، لەبەرئەوەی ڕێگا خۆش دەکات بۆ سوپا کە خۆی بەتەنها سەرکردایەتی دەوڵەتی تورکیا بکات، وەهەروەها کۆنترۆڵی کێشەی کوردو پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو عێراق بکات، ئەوکاتە حکومەتی تورکیا بەرەو لاوازی ئەچێت ودانیشتوان متمانەیان پی نامێنێت!! وەهەروەها سەرۆکی تورکیا (عەبدوڵا گوڵ) مەترسی لەوەهەیە کەبەهۆی دەستێوەردانی سوپاوە هەرچی پارتی (دادو گەشەپێدان)) کردوویەتی لە ماوەی (5) ساڵی ڕابردوودا لەخزمەتگوزاری وباشترکردنی باری ئابوری تورکیاو سەقام گیربوونی باری سیاسی، هەمووی بەفیرۆ بڕوات!! بەڵام لەهەمان کاتدا ڕازیبووە لەسەر ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی خێراو سنوردار، کەهیچ زیانێك بەبەرژەوەندی وپەیوەندی نێوان تورکیاو عێراق نەگەیەنێت! وەهەروەها دەیەوێت هاوسەنگی نێوان ئێستای حکومەت وسوپا پارێزراو بێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی 2007/10/20

تێبینی: سود لەبابەتێکی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی لوبنانی (سلیم نێار) وەرگیراوە.

Latif_abdalrahman @ yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.